

**توندوتیژی دژ بە ئافرەتان پێشێل کردنی مافەکانیانە کە ناتوانرێ لە ڕێگای هیچ سیاسەتێك، مەزهەب و فەرهەنگێك بسەلمێندرێ یا قەبووڵ بکرێ. توندوتیژی دژ بە ئافرەت ڕیشەی لە فەرهەنگێکی نادروستی جیهانییەوە هەیە کە مافی یەکسان بوونی ئافرەت لەگەڵ پیاودا بە گونجاو نازانێ. (زاوا لە بووکێ مەدە) یەکێکە لەو گۆرانیانەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەر لە کۆنەوە بۆ دابونەریتێکی هەڵەی توندوتیژی وتراوە کە بەردەوام ئەو توندوتیژییە بەشێوەیەکی ئاسایی بەچەندین جۆر بەردەوامی هەبووە.**

# زاوا لە بوک

## نموونەی نەریتی پیاو س

ئا: سانا سلێمان
فۆتۆ: شێروان موحسین

### توندوتیژی لە جیهاندا بەرامبەر ئافرەت

لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەهەر شەش خولەکێکدا ئافرەتێك دەستدرێژی دەکریتە سەر، لە ئافریقای باکوور لە رۆژێکدا شەش هەزار ئافرەت لە رێگای خەتەنە کردنەوە ئیفلیج دەبێت یان ئاسەوارەکەی لەسەر لەشیان دەمێنێتەوە. لە وڵاتی بەنگلادێش لە ساڵێکدا بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە ٢٠٠ئافرەت بە دەستی هاوسەری پێشوو یان خوازبێنە رەت کراوەکانیان ئەسید بە دەموچاویاندا دەکرێ و رووخساری جوانیان تێکدەچێ.

لە وڵاتی هیندستان زۆرتر لە ٧٠٠٠ ئافرەت بە دەستی بنەماڵە وخزمەکانیان بەهۆی قسە کردنان لەسەرباوانی (جەهیزیە)دەکوژرێن.

هەموو ساڵێ لەچین، ئۆکرانیا، مۆلداڤیا، نایجیریا، بۆرما و تایلەند ژمارەیەکی زۆر لە کچان و ئافرەتان وەکو بەندە دەفرۆشرێن.

لە وڵاتانێکی وەکوو کۆسۆڤۆ،کۆنگۆ،ئەفغانستان، رواندا،ئافرەتان وەکو کەرەستەی شەڕ کەڵکیان لێ وەردەگیرێت و دەستدرێژییان دەکرێتە سەر. ئافرەتان لە گواتیمالا، ئەفریقای باکوور و مەکسیك توانای کارکرنیان لە شوێنە لاڕێکاندا هەیە، بەڵام لە کارە فەرمییەکان بە بیانووی سکپڕی و منداڵ بوونەوە لەسەر کارەکانیان دەریان دەکەن. لە ئوردون،کوێت و عەرەبستانی سعودییە لە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان وەکو بەشداری سیاسی و وەرگرتنی بەرپرسایەتی گەورەی دەوڵەتی بێبەشن.

لە زۆربەی وڵاتانی بیابانی ئەفریقا ئافرەتان میراتیان پێ نادرێ و ماڵ و موڵکیان لە رێگای یاساییەوە دەدرێت بە پیاوان، واتە ناتوانن خاوەنی موڵك بن، بۆ راگرتنی موڵکەکانیان بەناچاری و بە شێوەیەکی سوننەتی و نەخوازراو ژیانی هاوبەش پێك دێنن، لە بەر ئەوەی کە ئەگەر ناچار بوون لە مێردەکانیان جیا ببنەوە یان تەڵاق وەربگرن تەنیا بە جلوبەرگ وەکو دارایی ئەو لە ماڵ دەردەکرێن. هێشتا کەممان باس کردووە لەو توندوتیژیانەی کە ساڵانە لە سەرتاسەری جیهان ئافرەتان ڕووبەڕووی دەبنەوە.

### دەقە یاساییەکان و ئایین لەرابردوودا کاریگەری هەبووە لەسەر توندوتیژی

ئاری رەفیق توێژەر و بەڕێوەبەر لە بەرێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لەوەزارەتی ناوخۆ لەبارەی ئەو توندوتیژییەی ناو کۆمەڵگاو بەتایبەت بەئامانج کردنی رەگەزی ئافرەت لەم پرۆسەیەدا بۆ دوو هۆکاری سەرەکی گەڕاندەوەو لەوبارەیەوە دەڵێت» توندوتیژی کۆمەڵایەتی لە کوردستان بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، هۆکاری یەکەم پێی دەوترێ (فاکتەری کەلتووری )کە لەناویدا دابونەریت و بەهەڵە تەفسیرکردنی دەقەئایینیەکان و بێدەنگ بوونی میدیاکانە لەساڵانی ڕابردوو، بەجۆرێك بێدەنگییان هەڵبژاردبوو لەئاست ئەو هەموو ڕەشەکوژیەی لەسەر بنەمای رەگەزی ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبۆوە، هەروەها ئەو دەقە یاساییە کۆنانەی کە پێشتر هەبوون و زۆر بەئاشکرا ئافرەتی تێدا دەچەوسێنرایەوە، بۆ نموونە تا ساڵی ٢٠٠١ یاسای سزادانی عێراقی تا رادەیەکی زۆر شەرعیەتی داوە بە کوشتنی ئافرەت بە ناوی شووشتنەوەی ناموس (غسل العار) بەپێی ئەم یاسایە ئەگەر ئافرەتێك مێردی هەبێت لەناو ماڵ یا لە دەرەوەی ماڵ زینا بکات ئەوە لە هەردوو شوێن سزا دەدرێت، بەڵام پیاو ئەگەر لە دەرەوەی ماڵ زینای کرد ئەوە سزاکەی تەنیا لەو شوێنەیە و سزاکەی کەمترەو تەنانەت ئەگەر هاتوو لەو کاتەدا ژنەکەی خۆی لەکاتی زینا ببینێ ئەگەرتا ژنەکەی خۆشی بکوژێ سزاکەی لە ٦ مانگ زیاتر نەبوو، واتا وەکو شێوەی (کوشتنی ئەنقەست) مامەڵە لەگەڵ ئەو تاوانە نەدەکرا، هەروەها لەماددەیەکی تری هەمان یاسادا ڕێگەدراوە بە پیاو کە ژنەکەی خۆی (تەمبێ بکا)و لێی بدا ئەگەر هاتوو هەڵەیەکی کرد! واتە ئەو یاسایانە ئەوەندەی کاریگەری سلبی هەبووە ئەوەندە نەبۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی باڵانسێکی هاوسەنگ ڕابگرن واتە هەردوو سزا بۆ ئافرەت و پیاو یەکسان بێت» ئایین بە هەموو شێوەیەك سوودی لێ وەرگیراوە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت، ئاری هەروەها دەڵێت» تاوەکو ئەمڕۆش چەندین حاڵەتی مارەبڕین لەسەر بێشکە ماوە یان ئافرەت بە ئافرەتی گەورە بە بچووکی و ئەمانە هەمووی لە ڕووی ئاینییەوە مارە بڕاون و جاران دیاردە بوون، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا ئەمانە ئەگەر




# ...ــێ مەدە

## ...ـالاری لەکلتوری کۆمەڵگادا

هەبێت وەکو حاڵەت هەیە ئەمەش لە ڕێگای ڕۆشنبیر بوونەوەی خەڵك و شیکردنەوە ئایین بەشێوەیەکی راست و رەوان لەلایەن کەسانی بەتوانا». ئاری پێوایە کە هۆکاری دووەم پێی دەوترێ (پاڵنەرەکانی جیهانگیری )کە پەیوەندی بە کاریگەری (میدیاکان، ئامێرەکانی مۆبایل، ئەنتەرنێت)هەروەها لاوازی دەزگای (داواکاری گشتی ) لاوازی کاری (رێکخراوە مەدەنیەکان)و تاد...

ئاری پێوایە بۆ نەهێشتنی یا کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە پێویستە راگەیاندنەکان رۆڵیان هەبێت کە خۆیان دووربخەنەوە لە تێکدانی سایکۆلۆژیای وەرگر، چونکە هەندێك جار ئافرەت ئەوەندە رەشبین دەکات بەجۆرێك هەموو دەرگاکانی بەئەنجامگەیاندنی تاوانەکانمان لەرێگەی (خۆکوشتنەوە)پێ ئاشنا دەکات، هەروەها کارکردن لەهەموو بوارێکەوە بەشێوەیەکی گرووپ بەندی لەگەڵ ئەوەش کۆمەڵگای ئێمە لەداخراوی بەرەو کۆمەڵگایەکی کراوە دەڕوات بۆیە ئافرەت بۆتە قوربانی لە هەموو گۆڕانکارییەکانی ناوخۆ، بەتێپەڕبوونی کاتیش ئەو دیاردەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی ئەمڕۆ کاڵدەبنەوە، چونکە ئەوە بەشێکە لە سومبولەکانی قۆناغی گواستنەوەی کۆمەڵایەتی.

**بایەخدان بە هونەر بۆ رۆشنبیر کردنەوەی کۆمەڵگا**

لە رێگای هونەرەوە تاك دەتوانێت لە وردەکاری ئەو وڵاتە یان ئەو نشتیمانە نزیك بێتەوەو بوارەکانی ژیانی شیبکاتەوە، چونکە کاریگەری لەسەر دەروون و مێشك هەیە بۆیە هونەر یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکان بۆ رۆشنبیر کردنەوەی کۆمەڵگا هونەرمەندی بەتوانا ماموستا ئەنوەر قەرەداغی دەڵێت» هونەر کاریگەری هەیە لەسەر دروستکردنی ئەو بابەتە نوێیەی کە دێتە ناو کۆمەڵگا بەداخەوە لەکوردستان بە ئاستێکی تر کاری هونەری دەکرێت تا ئێستا رۆڵی خۆی وەکو پێویست نەبینیوە، چونکە زیاتر بۆتە بابەتێکی ژیان بەسەربردن هەر لە کۆنەوە هونەر کاریگەری هەبووە لەسەر کۆمەڵگا و هەوڵدراوە وشەی سادە بەکاربهێنرێت بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا، هەندێك گۆرانی هەیە تەمسیل کردنی کۆمەڵێك دابونەریتی ناو کۆمولگایە بۆ نموونە گۆرانی (زاوا لە بووکێ مەدە) ئەو گۆرانییە بە هۆی هەبوونی کەلتوورێکی ناساغی کۆنی ناو کۆمەڵگا دروست بووە کە بۆ ئەوە بوو زاوا بووك بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی ئەو گۆرانییەش بۆ ئەوە وتراوە کە ئامۆژگاری کومەڵگا بۆ نەهیشتنی ئەو دابونەریتە بۆیە هەوڵدراوە بە ئاوازێکی سادە بخرێتە ناو کۆمەڵگاوە، ئەنوەر قەرەداغی دەڵێت» داواکارم بەرپرسان ئاگادار ببنەوە کە بەشێوەیەکی بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ هونەر بکەن و بۆئەوەی هونەر لە داهاتوومانـدا بتوانێت هەنگاوی سەرکەوتووانە بنێت تاوەکو کاریگەری سەرەکی هەبێت بۆ رۆشنبیر کردنەوەی کۆمەڵگا.

**سیستەمی پەروەردە هۆکارە بۆدروست بوونی توندوتیژی**

مێژووی توندوتیژی بەستراوە بە مێژووی مرۆڤەوە، توندوتیژی لە ناو هەموو کۆمەڵگایەك هەیە لەو بارەیەوە رۆژنامەنووس تامان شاکر دەڵێت «ئەگەرچی بارودۆخی ئێمە لە کوردستان گۆڕاوە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو کۆمەڵگاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توندوتیژی لەناو خێزانەکانی کۆمەڵگای کوردەواریدا هەر بەردەوامە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەروەردە ناتەندروستەی لە سیستەمی پەروەردە و قوتابخانەکاندا هەیە کە بەردەوام هەستێکی شەڕانگیزی تێدایە جیا لەوەش تاوەکو ئەمڕۆ لە ناو فەرمانگەکان جیاوازی لە توانای ئافرەت و پیاو دەکرێت ئەوندەی متمانە بە توانای پیاو هەیە ئەوەندە متمانە بە توانای ئافرەت نییە»، هەروەها تامان باس لەوە دەکات کە کۆمەڵگای ئێمە خۆی لەسەر بنەمای توندوتیژی دروست بووە بۆنموونە ئەگەر بێتو سەیر بکەن تاوەکو ئەمڕۆ سیستەمی سیاسی ئێمە توندوتیژە.

تامان دەڵێت» لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەر لەسەرەتاوە کەلتوورێکی لەو جۆرەمان هەبووە، زۆر جار دەبینین لە هەندێك بوار ئەو توندوتیژیە جوان کراوە، بۆنموونە دەکرێتە گۆرانی یان دراما یا لە ڕاگەیاندنەکان زۆر بە سادەیی ئافرەتێکی لەشفرۆش تاوانبار دەکەن، بەڵام لە بیر دەکەن پیاوەکە تاوانبار بکەن کەچی پیاوەکەش کڕیارە بۆیە پێویستمان بە گۆڕینی سیستەمی پەروەردەو چاککردنەوەی هەڵسوکەوتی مامۆستاکان و رۆشنبیر کردنەوەیان هەیە تاوەکو بتوانین کومەڵگایەکی رۆشنبیر بونیاد بنێن.

# کۆمپانیایەکی تورکی بە ئاگر کردنەوە تاوانبار دەکرێت



لە ناوچەی پیشەسازی باشوور کۆمپانیایەکی بازرگانی ئۆتۆمبیل ئاگری تێ بەربوو و لە ئەنجامدا زیانی ماددی بە کۆمپانیاکە کەوت وسێ ئۆتۆمبیل ئاگری تێبەربوو.

دوای ئەوەی کۆمپانیایەکی بازرگانی ئۆتۆمبیل ئاگری تێ بەربوو، کارمەندێکی ئەو کۆمپانیایە سکاڵا لە کۆمپانیایەکی تورکی دەکات و بە کردنەوەی ئەم ئاگرە تاوانباری دەکات، لەم بارەیەوە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر پێی ڕاگەیاندنی کە ڕۆژی ٥/١٦ بنکەی پۆلیسی شادی ئاگادار کراوەتەوە لەلایەن هەواڵدەرێك بەناوی (ر.ز.ق) کە کارمەندی کۆمپانیایەکی ئۆتۆمبیلە لەپیشەسازی باشووری شاری هەولێر و سکاڵایەکی تۆمارکرد دژی کۆمپانیایەکی تورکی کە کاری دارتاشی دەکا گوایە ئاگریان کردۆتەوە و لە ئەنجامدا ئەم ئاگرە بۆتە هۆی سووتانی سێ ئوتۆمبێلی کۆمپانیایەکی تر.

بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوەش لەلایەن خۆیەوە بڕیاری وەرگرتنی وتەی خاوەنی کۆمپانیایەکەی داو بۆ ئەوەی هۆکاری ڕاستەقینەی ئاگرکەوتنەوەکە دیاری بکرێت و حوکمی خۆی لەو بارەیەوە بدات.



# ئافرەتێک لەبەر نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوون ڕووی لە شاری هەولێر کرد

ڕۆژی ٥/١٥ بنکەی پۆلیسی ئازادی ئاگادار کراوەتەوە کە ئافرەتێك بە ناوی (س.ص.ع) لە شاری بەغدا هەڵاتووە، بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بنکەی ناوبراوی ئاگادار کردۆتەوە گوایە ئەم ئافرەتە لەبەر نەبوونی شوێنی حەوانەوە ڕووی لە شاری هەولێر کردووە، بنکەی ناوبراویش دۆسیەی لێکۆڵینەوەی بۆ کردۆتەوەو ڕەوانەی سەنتەری دالدەدانی ئافرەتانی کردووە ئەوەش بۆ پاراستنی سەلامەتی ئەو ئافرەتە..




# گەنجێک بە خنکاندن کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت

لە ناو جەرگەی شاری هەولێر تەرمی گەنجێك دۆزرایەوە و دواتر دەرکەوت ئەم گەنجە خۆی خنکاندووە.

نەقیب کاروان بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر پێی ڕاگەیاندین ڕۆژی ٢٠١١/٥/١٤ لەنێو گەراجی ئاشتی نزیك بازاڕی ئاشتی لە شاری هەولێر تەرمی کەسێك بەناوی (عەباس ساڵح فەرەج) کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٤ دۆزرایەوە کە بە گوریسێك خۆی خنکاند بوو، نەقیب کاروان ڕایگەیاند ئەم کەسە دیارە کاری (حەمباڵی) دەکات. کاتێك تەرمەکە لێکرایەوە دەست بەسەر مۆبایلەکەو ناسنامەکەی گیرا و تەرمەکەی ڕەوانەی نەخۆشخانەی ڕزگاری کرا. دواتر پێوەندی بە براکەی کراوە بەناوی (مونیر ساڵح فەرەج) و براکەی ئەوەی ئاشکرا کرد کە عەباس ماوەیەکی زۆرە ئەم کارە دەکات و ماوەیەك بەر لە ئێستا خێزاندار بوو و منداڵێکیان هەیە، بەڵام لەگەڵ هاوسەرەکەی نەگونجان بۆیە لێك جیابوونەوە و ئێستاش منداڵەکە لەماڵی دایکمە، بەپێی وتەکانی دواتر عەباس ژنێکی تری هێناوە چەند جارێکیش ئەو برایەی ویستویەتی خۆی بکوژێت، بەڵام ئەو نەیهێشتووە، دواتر تووشی نەخۆشی دەروونی بووەو چارەسەری بۆ کراوە، لە کۆتاییدا مونیر ڕایگەیاند کە براکەی سەرەڕای کاری حەمباڵی خانوویەکی هەیە و بە کرێی داوە.

# لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا دوو کەس گیانیان لە دەستدا

لە ئەنجامی تەقینەوەی تایەی ئۆتۆمبێلێکی بار هەڵگر لە سایتی خۆی لادەدا و بەر ئۆتۆمبێلێکی دیکەی بار هەڵگر دەکەوێت و دەبێتە هۆی گیان لە دەستدانی هەردوو شوفێرەکە.

ڕۆژی ٢٠١١/٥/١٦ بنکەی پۆلیسی قوشتەپە ئاگادار کراوە لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا لەسەر ڕێگای سەرەکی هەولێر- کەرکوک، بنکەی ناوبراو ڕایگەیاند ئۆتۆمبێلێکی ئەکترۆز کە شوفێرەکەی (مەهدی محەمەدمستەفا) بوو کاشی هەڵگرتبوو بەهۆی تەقینەوەی تایەیەکی ئۆتۆمبیلەکە لە سایدی خۆی دەرچووە بۆ سایدەکەی تر و لە ئەنجامدا بەر ئۆتۆمبێلێکی دیکەی لۆری لە جۆری مان فلات کەوتووە و لە ئەنجامی ئەم ڕووداوە هەردوو شوفێرەکە گیانیان لە دستدا و ئێستاش لێکۆڵینەوە لەم ڕووداوە بەردەوامە.





# بە زەماڵەی ساختە فەرمانبەرێک فریو دەدرێت

دوای ئەوەی فەرمانبەرێکی بڕێك پارە دەدات بە کەسێك بۆ وەرگرتنی زەماڵەی خوێندن لە مالیزیا دەرکەوت فەرمانبەرەکە فریو دراوە و ئەم مەسەلەیە بوونی نییە.

بەپێی ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر لە بنکەی پۆلیسی خانەقا دادخوازێك کە فەرمانبەرە سکاڵای تۆمار کردووە دژی کەسێك بە ناوی (م.م.ح)، چونکە بڕی ٨٠٠دۆلاری لێ وەرگرتووە بەمەبەستی ئەوەی زەماڵەی خوێندنی لە وڵاتی مالیزیا بۆ دابین بکات، بەڵام دوای ئەوەی کە قبوڵەکەی بۆهێناوەتەوە دەرکەوتووە کە ساختەیە و باوەڕپێنەکراو بووە لەکوردستان.

دیارە ئەم حاڵەتە بۆتە باوە لەکوردستان و کەسانێك هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کاری ساختە و فریودانی خەڵك.



# هەڵە بەکارهێنانی غاز کارەساتێکی لێکەوتەوە

ڕۆژی ٢٠١١/٥/٩ بنکەی پۆلیسی هەریر لەلایەن نەخۆشخانەی هەریری گشتی ئاگادارکرانەوە بە ڕووداوی سووتانی ئافرەتێك بەناوی (ا.س.ت) لەدایك بووی ساڵی ١٩٩٧ و دوای ئەوەی گەیشتنە شوێنی ڕووداو دەرکەوت ئەم کچە لە کاتی گەرم کردنەوەی خواردن بە غاز ئاگری کردۆتەوە و لە ئەنجامدا ئاگر لە جەستەی بەربووەو دواتر لەبەر خراپی باری تەندروستی ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئیمرجێنسی هەولێر کراوە، بەڵام لەبەر سەختی برینەکانی گیانی لەدەستدا.

# بڕی مارەیی، هەناسەیەک بۆ ژیان یان ڕووبەڕووبوونەوەی گلەییەکان

ئا/ئەمەل محەمەد جەلال
فۆتۆ: شێروان موحسێن



**خێزان یەکێکە لە کایە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگەو بەهۆیەوە کۆمەڵگە رەگوڕیشەی خۆی پێ دادەکوتێت و بەرەو نەشونماکردنی کەلتوور و شارستانییەت و پێکەوەژیانی کۆمەڵگەکان ئاڕاستە وەردەگرێت، بێگومان پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرایەتیش وەکو زۆربەی لایەنەکانی تری ژیان پێویستی بەهەندێك ڕێوشوێنی تایبەتی خۆیەتی بۆئەوەی بەشێوەیەکی تەندروست و ڕێکوپێك هەڵهاتنی خۆری ژیانی بەئاسوودەیی لێوە، لەناو ئەم ڕێوشوێنە تایبەتیەشدا مارەیی دەبێتە جێگەی سەرنجی هەریەك لەوکچ و کوڕانەی کە دەیانەوێت ببنە هاوسەری یەکتری، تەنانەت جێگەی سەرنجی دایك و باوك و هاوڕێیانی هەردوولا، ئەم ڕیپۆرتاژە بڕی مارەیی لای هەندێك هاوسەری تازەی شاری سلێمانی دەخاتەڕوو.**

### «متمانە و خۆشەویستی بڕی مارەیی دیاریی دەکەن»

نزیکـەی ٧ مانگە دەسـتگیرانی ئاراس-ی خۆشەویسـتمم تائێستا باسـی مارەیی لە زمانی منەوە نەهاتۆتـە دەرەوە بەڵکو پێم وتبوو کە خۆت ئازادبـە ئەو کاتـەی گرێبەندی هاوسـەرایەتی دەکەیـن لە دادگا چەند دادەنێین من کێشـەیەکم نییە بۆیە ١٦ مسـقاڵی عەیارە ٢١ی پێشـەکی داناو ١٩ مسقاڵیش پاشەکی ئەمە وتەی ناز خالید ڕەئوفی تەمەن ٢٦ سـاڵ بوو، وتیشـی من پێش ئەوەی ئاراس بناسـم بۆچوونم وابوو کە بڕی ٢٥ مسـقاڵ ئاڵتوون بکەن بـەڵام دوای ئەوەی تەواو خۆشەویستی و متمانەی خۆی خستە دڵمەوە ئیتر حـەزم نەکرد بۆ جارێکیش چییە باسـی مارەیی لەگەڵدا بکەم.

### «توانای ماددی کوڕ»

لێتناشارمەوە کە ٣٠ مسقاڵی پێشەکی و ٢٠٠ لیرەی رەشـادی پاشـەکیم بە هاوسەرەکەم کردووە لەبەرئەوەی هاوسـەرەکەم توانای ماددی باشە و خۆشی رەزامەندی تەواوی هەبووە لەسەری، ئەمە وتەی کۆچەر لەتیف ئەحمەد بوو کە ماوەی ساڵێکە ژیانی هاوسـەرایەتی پێکهێناوەو ئەم بڕە زۆرەش نەبۆتە کێشـەیەك بۆئێمە، هەروەها بۆچوونیشـی وابـوو کە کچان تاکو دەتوانـن بیر لە مارەییەکی زۆر نەکەنەوە بۆ ئەو کوڕانەی کە توانای ماددییان کەمـە لەبەرئەوەی دەکەونە بەر لۆمەی خەڵکی و کێشەی دەروونی بۆ کچ دروست دەکەن و لەدواجاردا کێشـە بۆ خانەوادەکەش دروست دەبێت کە من بەم حاڵەشەوە تووشی ئەو جۆرە لۆمانە بووم.

### «عورف ڕێگەی مارەیی دیاریدەکات»

بڕی مارەیی لە شـوێنێکەوە بۆ شـوێنێکی تر دەگۆڕێت بەپێی عورف و دابونەریتی هەریەکەیان بۆنموونە لە شـاری سلێمانی کچان داوای کەمتر دەکـەن لەچـاو کچانی شـارەکانی تـری وەکو هەولێر و دهۆك کە یەکێـك لەهۆکارەکان لەوانەیە پێوەندی بەوەوە هەبێت کە خەڵکی دوو شـارەکەی تر بەشـێوەیەکی گشـتی توانای ماددییان زۆر باشـە ئەمە وتەی کچە توێژەرێکی کۆمەڵایەتی بوو بەناوی لارا سـامان کەریم کە ٣ ساڵە ژیانی هاوسـەرایەتی پێکەوەناوە، وتیشی من تەنها ١٤ مسـقاڵی پێشەکی و ١٩ی پاشـەکیم پێکردووە و تەنانـەت کەمێـك قەرزداربووین بازنـەکان کە ٥ مسقاڵ بوون فرۆشـتمنەوە بۆ دانەوەی قەرزەکان چونکە لای من بەختەوەری و پێکەوەژیان گرنگترە لە ئاڵتوونی زۆر.

### «ئەو کاتەی بنەماڵە دەستدەخاتە ناو بەهاوسەربوونەوە»

مـن وەکـو خۆم بۆچوونـم وابوو کـە لە ١٨ مسقاڵ زیاتر بە هاوسـەرەکەم نەکەم بەڵام دایکم و یەکێك لە خوشـکەکانم بۆچوونیـان گۆڕیم و وایان لێکردم کە پێداگربم لەسـەر ٢٥ مسـقاڵی عەیـارە ٢١ و ئەو بڕەیەشـم بۆکـرا ئەمە وتەی خەرمان عەلـی تۆفیقی خوێنـدکاری زانکۆبوو کە ئێسـتاش ئەڵقەی دەستگیرانداری لەدەستدایە، باوەڕیشـی وابوو هەرکاتێك کچ بیری لە ئاڵتوونی زۆر کـردەوە با بۆئەوەبێت دوایی لەخزمەتی ژیانی هاوسەرایەتیەکەیدا بەکاری بێنێتەوە نەك بۆئەوەبێت بڵێـن ئەوەنـدە ئاڵتوونـی بۆکـراوە لەبەرئەوەی بەرپرسـیارێتی ژیان لە ئەسـتۆی کوڕانیشـدا قورسە.

### «قەناعەتی کوڕ و کچ بۆ ڕێکەوتن»

ئەو کچ و کوڕانەی کە دایك و باوکیان ڕێوشوێنی پێکەوەنانی خێزانییان بۆ دیاری دەکەن ئەوا وادەکات کە کچ یان کوڕ بەسـەربەخۆیی و ئازادی خۆی بڕیار لەسـەر مارەیی و ماڵداری نەدات هەربۆیە ئەگەر کچ و کوڕ خۆیان بڕیار لەسەر مارەیی بدەن ئەوا بڕەکەی هەرچەندێك بێت دەبێتە خزمەت نەك کێشە لەبەرئەوەی ئەو شتەی لەرێگەی قەناعەتەوە دروستدەبێت سەرکەوتن بەدەست دێنێت ئەمە وتەی سۆزان محەمەد عارف بوو.



# ئافرەتان تاچەند دەتوانن متمانەبەیەكتر بكەن

***

**ئافـرەت بوونەوەرێكی ناسـكە، دەتوانێ هەموو ڕاستییەكان بەهاورێ كچەكەی بڵێ، لەبارەی ئەو شتانەی كە تایبەت بە ڕووخسارو یان هەر شتێكی تایبەتیتر بێت، ئایا ئافرەتان تاچەنـد دەتوانن سـیقە بـە ئافرەتێكی تر بكەن.....؟؟؟**

***

**بوونی متمانە لەنێوانمان پێوەندی هەیە بە بەدەستهێنانی متمانەی بەرامبەرەوە**

سارا ئافرەتێكی خاوەن ٢ منداڵە لەم بارەیەوە دەڵێت «یەكێك لەخەسڵەتە تایبەتمەندییەكانی ئافرەتـان ئەوەیە كەزۆربەی جار هەوڵ دەدات ئـەو بابەت و تایبەتمەندییانەی خودی خۆی لای كەسـانێك باس بكات كە زۆر متمانەی پێیانـە، لەوانەیە زۆرجار لای خوشـكی یان كەسـێكی نزیكی قسـەنەكات بـەڵام لای هاوڕێیەكی كە زۆر جێگەی متمانەیە باسی دەكات، چونكە ئەو زیاتـر لێی نزیكەو لێی تێـدەگات، واتە مەرج نییە ئافرەت متمانەی بەهەموو هاوڕێكانی یان خوشكەكانی نەبێ، ئەمە زیاتر پێوەندی بەبەدەستهێنانی متمانەی بەرامبەرەوە هەیە».

**ئافرەت لەنێوانیان متمانە هەیە،نەبوونیشی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنی كەسایەتی**

نەرمین نەجمەدینی توێژەری كۆمەڵایەتی پێی وایـە ئافرەتـان متمانە بەیـەك دەكەن بەڵام نەبوونی متمانە لەسـەر كەیاسەتییەكان دەمێنێتەوە، چونكە ناتوانیت بۆ هەموو كەسێ ئەوەی لەناختایە باسـی بكەی جاری وا هەیە ئافرەت نەخوێندەواریشـە ئەگەر شـتێكی بۆ بدركێنی ئەگەر كەسـایەتیەكی بەهێزی نەبێ نەتوانێ باسـی نەكات، لێـرەدا هۆكارەكەی بـۆ هەڵبژاردنی كەسـەكان دەگەڕێتەوە واتە رەنگـە هەڵبژاردنی ئێمە بۆ كەسـایەتییەكان هەڵـە بێـت نـەوەك ئافرەتان ناتوانن سـیقە بەئافـرەت بكەن،دەبـێ بزانین قسـە بۆ كێ دەكەیـن جا هاوڕێ بێ یان خوشـكت بێ بۆ نموونە «دەبینین كۆمەڵە خوشكێكن بەیەكەوە كەچی خوشكەكان تەنیا یەك لەخوشكەكانیان هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی قسەی بۆبكەن و متمانە بەئەویتر لەویاندا زیاترە، پیاویش هەیە بەهەمان شـێوەیە، هۆكاری تریش هەیە لەوانەكچ هەیە كەسـێكی خۆش دەوێ بەهەمان شێوە ئەویش هاوڕێكـەی خۆش دەوێ، یان كچ هەیە خۆی سـەركەوتوو نییە لە ژیانیدا ئەوا هەڵدەسـتێت بەباس كردنی نهێنییەكانی هاوڕێیەتییان واتە بوونی حەسادەت وەك تۆڵەسەندنەوە وایە»

**هاوڕێیەتی كوڕان باشترە لەكچان**

پەریسا قادری وەك كچێك وتی «ئێستا دنیا وای لێهاتووە كە خوشـك باوەڕ بەخوشك نەكا با زۆر دوور نەڕۆین من ئێستا باوەڕم بەكەس نەماوە،چونكە جارێك ڕووداوێكم بەسـەرهات سیقەم زۆر بە هاوڕێیەكی كچ هەبوو بەهۆی ئەوەوە تووشی كێشە بووم تەنیا هەڵەكەی من لەوەدابوو سیقەم پێی هەبوو ئێستاش من سیقەم بە هاوڕێی كچ نەماوە، بەڕای من هاوڕێیەتی كوڕان باشترە لە كچان لەوانەشە لەكومەڵگای ئێمەدا ڕێگە بەكچەكانمان نەدرێ یانیش هەر نەشـیاوبێت كە كچ هاوڕێـی كوڕی هەبێت بـەڵام من لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیم چونكە زیاتر سیقە لای كوڕ هەیە تا كچ چونكە من بەباشی لە مەبەستی كچان دەگەم».

**زۆربەی كچانیش بوونی متمانە پەیوەست ناكەن بەڕەگەزەوە**

هێدی دەڵێت» متمانە پەیوەسـت ناكەم بە رەگەزەوە بەڵكو پەیوەستە بەخودی كەسەكەوە مـن هاوڕێم لە هەردوو رەگـەز هەیەو وەكو یەكیش متمانەیان پێ دەكەم».